# تەکەتولاتی ناو زانینگەکان

## محەمەد گەلاڵەیی

هەڵبەتە باسی تەکەتولاتی ناو حزبەکان ناکەم، خوێندکارانی زانینگەکەم لاتان سەیر نەبێت کە باسی تەکەتولو دەستەگەری لە ناو توێژێکی بەناو مەعریفی، رۆشنبیرو زانست پەروەر..هتد دەکەم، کە ئەویش لە زانینگەکانی کوردستانەو دەردێکی تووش بووە بەناوی تەکەتول، هەر لە مامۆستایانی زانکۆوە تا بەردەستانوفەرمانبەرانی دامو دەزگاکانی، کە ئەوانیش ڤایرۆسی تەکەتولیان داخلْ بووە، بۆیە دەمەوێت ئەوە بڵێم: ئەگەر ئاوڕێك لە زانینگەکانی دونیاو هەتا دەوروپشتی خۆشمان بدەینەوە ئەو جۆرە دیاردەو دەستەگەریانە نابینین، بەلاّم لە وولاّتی ئێمەی کوردا، هەر بگرە لە قۆرخکردنی زانست لەلایەن چەند مامۆستایەك لە بەشەکانی زانستیدا، قۆرخکردنی بازنەی هاوڕێیەتی لەلایەن چەند کوڕوکچێکەوە لە پۆلو بەشەکانی هەر کۆلێژێکدا، هەتا لە یانەی خوێندکاراندا ئەمە ڕەنگی داوەتەوە، وەکو "دکتۆر کەمال مەزهەر " ووتەنی: (ئەمە دەردە کوردە)، لەهەمان کاتیشدا دەبینینو دەبیستین لەنێو مامۆستایانی زانینگەکانی کوردستاندا، ڕەتکردنەوەی یەکتری هەیە لەسەر بنەماکانی خێڵەکیو حزبایەتی تەسكو بەرژەوەندی مادیو هەتا دژایەتی کردنی کەسانێکی زیرەكو لێهاتوو کە مامۆستای زانینگەیەو ئەوانی تر لە دژیدا ڕواستاوین، بێ ئەوەی هۆیەکی زانستیو بابەتیو یاخود دیالۆگێکی بیری لە نێوانیاندا هەبێت، هەروەکو لەهیچو خۆڕایی بەربەرەکانێی یەکتری دەکەن، تەکەتولێکی تری ناو زانینگەکانی کوردستان کۆمەڵێك لە کوڕانو کچانی خوێندکار دەورێکی باشیان هەیە لە پێشخستنی ئەم ڤایرۆسەدا، کە چەندان بازنەی هاوڕێیەتیان پێك هێناوەو چەندان خوێندکاری تریشیان خستۆتە پەراوێزەوە. یەکێ لە کارەکانیان ئەوەیە کە قسەی خۆیان زالْ بکەن بەسەر تەواوی ژوورەکەی خوێندنیانو بەتایبەتیش لەکاتی دانانی رۆژی تاقیکردنەوەکانو دواخستیان، ئەمەش زۆر جار کێشە دەنێتەوە لە نێوان خوێندکارانو مامۆستایان، تەکەتول ئەوەندە گەشەی سەندووە لە زانینگەکانی کوردستانداو لە بڕیاری گەرم ئامێزدا زانینگەکان متمانە بە بڕوانامەی یەکتری ناکەن، لە جیاتی ئەوەی پشتگیری لەیەکتر بکەن، بەلاّم دەیانەوێت بە چوار زانینگە تەکەتول لەنێو خۆیاندا دروست بکەن، کە تەمەنی هەریەکیان لەتەمەنی گەنجێکی ئەم وولاّتە ڕەت ناکات، بۆیە بەردەوامی تەکەتول لە زانینگەکانی کوردستان پێش هەر ئەنجامێکی دەرکەوتوو گەندەڵی دروست کردووە، بەتایبەتی گەندەڵ بوونی خوێندکارو مامۆستا لە رووی زانستیو کۆمەلاّیەتی کە کۆڵەگەی هەرە سەرەکی هەموو زانینگەیەکن. ڤایرۆسی تەکەتول وایکردووە کۆمەڵگاو زانینگەکانی کوردستان لەیەك دابڕێنو تا ئێستا زانینگەکانی کوردستان نەیانتوانیووە دیاردە کۆمەلاّتییە باوەکانی ئێمە بنەبڕ بکەن، یاخود نەی توانیوە کۆمەڵێکی خۆشەویستو دوور لە شەڕانگێزی دروست بکات. تەکەتولی زانینگە کە بەرژەوەندەیو بیری تەسکی حزبایەتی سەرۆکایەتی دەکات نەیتوانیووە دەستەلاّتی گەندەڵو حکومەتی بێ خزمەتگوزاری بهەژێنێت، یاخود هەر نەبێت حکومەت پەلکێشی ناوەندەکانی زانینگەکان بکاتو بۆئەوەی لەناوەندەکانی زانستەوە بە رێژەیەکی زۆر گەندەڵی بنەبڕبکات، یانیش حکومەتێکی تەکنۆکراتو پێشکەوتووی لێ دەربچێت، تەکەتولی زانینگەکان وایکردووە کەس ئاگای لەکەس نەبێت، هەتا سەرۆکی زانینگەکانیش ئاگاداری رەوشو پلەی زانستی زانیگەکانی خۆیان نین لەسەر ئاستی دونیادا، چونکو دەبینین ریزبەندی زانینگەکانی جیهان دەرچوو، کە کامە زانیگە باشترین زانینگەیە لە دونیادا، لە ناو چوار هەزار زانینگەدا، یەك زانینگەی کوردستانی تێدا نەبوو، با لە پلەکانی کۆتایش بووایە، ئەگەر بڵێن: لە ریزبەندی تەکەتولاتی زانینگەکانی جیهاندا زانیگەکانی ئێمە لە ریزبەندیەکەدا پلەیان چەندە، ئەوا بێگومان زانینگەکانی سەلاّحەددینو سلێمانی ..هتد لە پلەی یەکەمدا دەبن. من هەر ئەوەندەم ماوە کە ئەم رەوشە وابڕواتو مامۆستاو خوێندکاری زانینگە هەر کاریان تەکەتولات بێت، هێدی هێدی لە رووی زانستیو کۆمەلاّیەتی ئاستی ئەم زانینگەیانەی کوردستان دادەبەزێت، لەبەرئەوەی تەکەتولی مادیو بەژەوەندەیە هاوبەشەکانی حزبایەتیو خزمایەتی..هتد لە نێوان بەرێوەبەرانی زانینگەکانی کوردستاندایە، ئەوەندە پێشخستنی زانستو پەروەردەو هەستی نەتەوایەتی لە بەرنامەو کارەکانیاندا نیەو تەنیا کاریان دروستکردنی گەندەڵیو مشەخۆری زانستیو بەخیشنی بڕوانامە بە کەسانی بێ ئاستو ڕەتنەکردنەوەی تەسکیەی حزبی بۆ وەرگرتنی پلەی زانستی بالاّ، کە ئەمە بەردەوام بێت زانینگەکانی کوردستان ئەوەندەی تر ئاستی زانستیان نە لەدەرەوەو ناوەی کوردستان دادەبەزێت. چونکو ئاسایی نیە گەورەترین کایەی زانستی هەر ولاّتێك بەو شێوەییە بێتو چارەسەریشی نەبێت، دەبێ چارەنووسی ئەو کۆمەڵگایە چی بەسەر بێت، کە لەژێر رەحمی ئەو زانینگەیەدا لەتاقی کردنەوەدایە.

پێنج شەممە _2007\2\8